بەرێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز ، کە ئەمرۆ سەدام حسێن و داروودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بە تۆمەتی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی کورد .
چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە ، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە روو لەکزییە . هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆ یە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .

## دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان

September 06

www.dengekan.com

1-دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.

2-پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای ژیان لێکەوتووان.

3-رەخنەو سەرنجەکانی شەقامی رەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە رەهەندی دادگاییەکە؟

4-بۆچی چۆنیەتی بریاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە ؟



**عومەر محەمەد**

## وەڵامی پرسیاری دەنگەکان

**لەسەرەتاوە پێویستە ئەوە بڵێم کە رای شەقامی کوردی نەك هەرلاوازە بەڵکو هەرلەجێگەی نەبوانە، ئەمە کەلێنێکە دەبێت پڕبکرێتەوە پێویستە شەقامی کوردی دەنگی هەبێتو سود لە یاسای نێو دەولەتی تایبەت بەجینۆساید وەرگرێ، ئەمەش بە رۆڵی رێکخراوەکان دەکرێت، راگەیاندنەکان بەرپرسیارییەتیەکەی گەورەو مێژوویان دەکەوێتە ئەستۆ سوپاس بۆ ماڵپەری دەنگەکان کە دەیەوێت دەرگایەك بۆئەم دۆزە بکاتەوە، لێرەوە رەخنەیەکی گەورە لە راگەیاندنی حزبەکانی ناوخۆی کوردستان دەگرم، ئەوان هەتا ئەمرۆش کە شەش دانیشتنی دادگاکە بەرێوە چووە وەك پێویست بەو ئەرکە هەڵنەستاون، هیوادارم کەمێك بەخویاندا بچنەوەو لەوتەنگبەرینیە بێنەدەرەوە.**

**وەڵامی پرسیاری یەکەم**

ئەگەر بە پێی یاسای نێونەتەوەیی تەماشای تاوانەکانی جینۆساید بکەین، بۆسزا دادنی ئە نجامدەرانی دۆسیێی ئەنفال وتاوانەکانی تریش، ئەوا دادگای بالای تاوانەکانی عێراق دادگایەکی شەرعی و ریگە پێدراوەو هیچ لادانێکی یاسایی تێدا نیە، بەڵام من پێموایە ئەم دادگایەی ئێستا دۆسیێی ئەنفال و دواتریش دۆسیێکانی تر بەرێوە دەباو لێکۆڵینەوەی لەبارەی تاوانەکان و شایە تحاڵ وبەڵگەنامەو تۆمەتبارەکاندا کردووە، ناتوانێ مەسەلەکان وەك پێویست یەکلایی بکاتەوە، لێرەدا دەبێت هەڵوەستەیەك بکەین، دادگای باڵای تاوانەکان بەچ ئەرکێك هەڵدەستێت دۆسیێی ئەنفال چۆن یەکلایی دەکاتەوەو چ بریارێك لەبارەی تاوانەکەوە دەدات؟ ئەوەی کە هەتا ئێستا بینراوە ئەوەیە کە وا رێرەوی دادگایکردنەکە زۆر لاوازە، لاوازییەکەش نەلە ئاستی هوشیاری شایە تحالەکانەوەیە وەك هەندێك کەس پێیان وایە، نە لەوێیشەوەیەکە دادوەر زیاتر دەرفەتی تۆمەتبارەکان دەدات، بەڵکو کەموکوری سەرەکی دادگایکردنەکە لەوێوەیە کەنەیەوێت مامەڵەی دۆسیێی ئەنفال وەك تاوانی جینۆسایدبکات، ئەمە گەورەترین کەموکوری دادگاکردنەکەیە، چونکە تاوانی ئەنفال بە هەموو پێوانەکان دەچێتە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە، تاوانی جینۆسایدیش بە گەورەترین تاوانی دژی مرۆڤایەتی لەیاسای نێونەتەوەیی و پە یماننامەی دژی جینۆساید دیاری کراووەسزای یاسایی بۆ دانراوە، بۆیە ئەرکی هەرکەسێکە کە دەیەوێت بەشێوەیەکی تەندروست ومرۆڤانە تەماشای ئەو دۆسێیەوتاوانی جینۆسایدبکات، جا کوردبێت یان هەرناسنامەیەکی تری هەڵگرتبێت، دەبێت هەڵوێست لەبارەی چارەنوسی نەتەوەیەکەوە بکات کە ئەنفالکراوە، هەوڵدراوە ناسنامەی لەسەر گۆی زەوی بسردرێتەوە، ئەنفالیش پێش ئەوەی یاسای باڵای تاوانەکان لەعێراق بە بریاری ژمارە 10 پێك بێت و بکەوێتە کار تەنانەت بەرلە روخانی رژێمی بەعسیش بەجینۆساید ساغکراوەتەوە( بروانە راپۆرتەکەی میدڵ ئیست ووچ وهیومان رایت ووچ ) لەکاتێکدا نەك ئە نجامدانی تاوانەکە تەنانەت هەوڵیش بۆ ئەو تاوانە، یان نیازیش لەو تاوانە بەهەمان سزای ئە نجامدەرانی تاوانی جینۆساید سزا دەیانگرێتەوە. بەڵام نابێت ئەوەمان بیر بچێت کەوا هەر بەندی شەشەمی پە یماننامەی نێونەتەوەیی دژی جینۆساید بەگومانەوە تەماشای دادگای ناوخۆیی وولاتان دەکات، لە لێپێچینەوەودادگایکردنی تاوانێکی لە مجۆرەی ئەنفالیشدا ئەو کێشەیە هەیە، چونکە ئەگەری ئەوەی داناوە رەنگە یاسای ناوخۆ لەوێزەی قەوارەی تاوانەکە نەیات، بۆیە یاساکە دەڵێت:( نابێت پشت بەیاسای ناوخۆی وڵات ببەسترێت کەتاوانی جینۆسایدی لێ ئە نجامدراوە، لەبەر ئەوەی رەنگە وڵاتەکە خۆی گوناهباربێت بەئە نجامدانی ئەو تاوانە بۆیە پێویستە بۆتاوانی جینۆساید، دادگایەکی تایبەتی نێونەتەوەیی بۆ سازبدرێت ) ( * ) عومەرمارف گوڵ ل15 لەمبارەیەوە ماوەتەوە بڵێین کەوا تاوانی ئەنفال دەچێتە خانەی تاوانی جینۆسایدکردنەوە، نەك هەرکورد بەڵکو کۆی مرۆڤایەتی ئەرکێتی هەڵویستی لەبارەیەوە وەربگرێت، چونکە بەلایەنی کەمەوە کورد بەشێکە لەکۆی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەم هەڵویستوەرگرتنە ئەرکی ئێمەیە رای گشتی جیهانی بەگژەوە بکەین، ئەرکی رێکخراوەکانی دژی جینۆسایدو ئەنفال و ئەو رێکخراوانەیە کە دادکۆکی لەمافی مرۆڤ دەکەن تا سەرنجی رای گشتی ناوخۆو دەرەوەی بۆ راکێشن. چونکە بە پێی هەمان بەندی یاسای نێونەتەوەیی ئەرکی ئەوەی خستۆتە سەر ئەووڵاتانەی بەشداربوون لە ئیمزاکردنی پە یماننامەکە واتە پە یمانی دژی جینۆساید کەوا ئەگەرهات ودادگایەکی تایبەت بەتاوانی جینۆساید لە هەروڵاتێك بۆ سزا دانی ئە نجامدەرانی پێکهات ئەوا لەکاتی لایەنداری یان کەموو کوری ئەو دادگایەدا وڵاتە بەشدارەکان دەبێت چاودێر بن بەسەر رێرەوی دادگاکەوەو یارمەتی دەریشی بن.

**وەڵامی پرسیاری دووەم :**

وەك لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا پە نجەم بۆ راکێشا پرۆسەی دادگایکردنەکە خراپ دەگوزەرێ، بەڵام بۆ ئەوەی تاچەند تەبایە لەگەڵ خواستی خەڵکی کوردستان ئەوەیان مەسەلەیەکە پێویستی بەهەڵوەستەکردنە، چونکە لەراستیدا خەڵکی کوردستان خۆشی وەك کۆمەڵگەیەکی تەندروست متابەعەی رێرەوی دادگاکە ناکات! رەخنەی خەڵکی رەخنەی سادەن و

زیانمان پێدەگەینن وەك لەوەی سودێکی یاساییان لێبکەوێتەوە، خەڵك هێشتا نازانێت ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەم دادگایکردنەوە هەیە مەسەلەیەکی جیاوازە لە تاوانی جینائی ئەوەی دەبێت دادگای تایبەت بەم دۆسێیە یەکلاییکاتەوە چەسپاندنێتی وەك جینۆساید، ئەگەربێتو دادگای عێراقی بەم ئەرکە هەڵنەستێت کارەساتێکی گەورەتر لە ئەنفال چاوەروانی کورد دەکات، خۆ مەرج نیە جینۆساید تەنها لە کاتی شەردا رووبدات جینۆساید لە ئاشتیشدا روودەدات، گۆڕینی ناسنامەو شێواندنی کەلتوروشێواندنی بیری خەڵك بەیەکێك لە تاوانەکانی جینۆساید حساب دەکرێن و ئە نجامدەرانی سزای یاسایی دەیانگرێتەوە، ئێستا حکومەتی عێراق دەیەوێت ئەمکارە بکات لەناو دادگایکردنەکە دەیەوێت تاوانی ئەنفال لە تاوانی جینۆ ساید بهێنێتە دەرەوە ئەمە خۆی لەخۆیدا جینۆسایدکردنێکی ترە، دەیەوێت بە سزای لەسێدارەدانی سەدام وعەلی حەسەن مەجید مەسەلەکە دیزە بەدەرخۆنەبکات، هەربۆیەشە پەلە لەجێبەجێکردنی بریارێکی لەو جۆرە دەکەن، خەڵك هەتا ئێستا بەشێوەیەك باس لەقەرەبوو دەکەن کە قەرەبویەکی مەعنەوی نیە، دەبێت حکومەتی عێراق لە بەررۆشنایی ئە نجامی دادگایکردنەکە داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات، بەڵام ئەگەر دادگا بەئەرکی خۆی هەڵنەستێت بەدڵنیاییەوە دەوڵەتی عێراقیش خۆی لەم بەرپرسیارێتیە دەدزێتەوە، تەنانەت سەرۆکی هەرێم لە قەڵاچوالان رایەکی وای دەربرییوو کە ووتبووی( دەوڵەتی عێراق داوای لیبوردن لەکێبکات، ئێمە خۆمان بەشێکین لە دەولەتی عێراق ) بەراستی ئەمە ترسناکە بۆ ئایندەی کورد، بەڵام ئەگەر خەڵکی کوردستان لەواتاو مەغزای لێبوردنی دەوڵەتی عێراق تێنەگەن لەوە ترسناکترە، سەبارەت بە مەسەلەی قەرەبووکردنەوەش پێموایە دادگاکە هەر بریارێکبدات حکومەتی عێراق، هەردەبێت قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکاتەوە، بەڵام قەرەبووی حەقی شەخصی کێ لێی سودمەند دەبێت؟ لەگەرمیان نەك هەر بنەماڵە بەڵکو گوند هەیە کەسی دەرنەچووە، یان چەند پیرە مێردێکی ماوە ئیدی قەرەبوو بۆ ئەو کەسانە چ بەردێك دەخاتە سەر بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەی کوردی.

**وەڵامی پرسیاری سێهەم:**

بێگومان رەخنەی شەقامی کوردی دەتوانێ رێرەوی دادگاکە بگۆڕێ بەڵام ئەوەی گرنگە خودی رەخنە نیە، بەڵکو ئالیەتی رەخنەکەو چۆنێتی رەخنەکەیەتی ئایا شەقامی کوردی چ رەخنەیەکی یاسایی و سیاسی لە شێوەی بەرێوە چوونی دادگیکردنەکەیە؟ کوا شەقامی کوردی رەخنەی گرتووە، جگە لە ناوەندی چاك کوا بەشێوەی مونەزەم رەخنە ئاراستەی دادگاکە کراوە ئەگەرچی تێبینم لەشێوەی رەخنەکانی ناوەندی چاکیش هەیە، چونکە دەبێت ئەوان یەکەم رێکخراوبن کەیەخەی یاسای نێودەولەتی بگرن، بەنوسراوی رەسمی و ئەگەر ئیمکان بێت بەئیمزای رێکخراووکەسایەتی مەعنەویەوە بچنەبەردەمی ناوەندەجیهانیەکانی تایبەت بەم مەسەلەیە، چونکە پیموانیە بەیاننامە هیچ لایەك بەهەندی بگرن، بەڵام خۆ ئەوە بەتەنیا ئەرکی ناوەندی هەڵە بجە_( چاك )نیە ئەرکی هەمووانە، ئەرکی مافناس وکەسایەتی جۆراوجۆرە.

**وەڵامی پرسیاری چوارەم :**

لەبەرئەوەی جینۆسایدکردن تاوانێکی تاکەکەسی و یاسایەکی جینائی مجرد نیە، پێموایە بریارێکی نێونەتەوەیش لەمبارەیەوە هەیە کەوا هەرگروپێك ( ئەتنی، رەگەزی، ئاینی، نەتەوەیی ) ئەگەر بۆ جارێك جینۆساید بکرێت ئەوا پێویستە حەسانەیەکی نێونەتەوەیی بۆ دابنرێتو پشتێنیەکی سەلامەتی بۆ دروستبکرێت، بەداخەوە هیچ بەندێکی یاسایم لەبەردەست نیە بۆ ئەوەی روناکی زیاتر بخەمە سەر ئەم م حەسانەیە، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم کەوا یاسای دژی جینۆساید بەتەواوی لەخزمەتی ئێمەدایە بەش بەحاڵی خۆم گەشبینم بەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراقیش هەرلەوێوەبوو کەوا سێ بەندی تەواوی لەیاسایئنێودەولەتییەوە هێناوە بۆ ناو بەندە یاساییەکانی. بەڵام خۆ ئەگەر لە یاسای باڵای تاوانەکانیش تەنها مەرەکەبی سەرکاغەز بێت، دادگایکردنەکە کێشەکان یەکلای نەکاتەوە هەموو دەرگاکان بەرووی ئێمەدا داناخرێن، ئێمە دەرگای کراوەتریشمان هەیە، هەر ئێستا کوردانی تاراوگە کەس و کاری قوربانیە رێکخراوێکی وەك ناوەندی هەلە بجە

دەتوانن لەهەر وڵاتێکی ئەو روپا یەخەی تاوانبارانی جینۆسای برن و بیاندەن بەدادگا، بەمەرجێك تۆمەتبارەکان ئیقامەو جنسێی ئەو وڵاتەیان هەبێت، ئەگەر ئەم هەنگاوانە بنرێن هیچ تۆمەتبارێکی جینۆساید ناتوانن بێنە ئەوروپا ناتوانن بچنە هیچ وڵاتێك کە یاساوقەزا تیایدا سەربەخۆیە. لەوەها حاڵێکدا کورد ئەگەر ئیرادەبکات بێجگە لەناوخۆی عێراق لەسەرجەمی جیهاندا جگەلەوڵاتە عەرەبیەکان دەتوانێ دادگا بۆ تۆمەتبارانی جینۆساید سازبکاتو سەرجەمی دنیاش بەکێشەی ئەنفال و جینۆسایدکردنەمانەوە خەریك بکەین، پێموایە ئەمە دەبێتە بەجینۆساید ناسینی دنیاو کۆمەڵگەی نێودەولەتیش ناچار دەبێت بیرێك لە کێشەی سیاسیکوردوئەوتاوانانە بکاتەوە کە دەهەق بەخڵکی کوردستانکراون. دیسانەوە ئەوەش زۆر گرنگە تاوانی جینۆسایدکردنی خۆمان وەك جینۆسایدکردنی بەشێك لەمرۆڤایەتی پێناسەبکەین، نەك وەك بەشێکی دابراو لەمرۆڤایەتی.